کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وڵات

**www.kurdistanreferandum.com**

### ( ڕوونکردنەوە )

**چەند رۆژێك لەمەوبەر لە کوردستان ، کۆبوونەوەیەکی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەسترا ، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە ئاماژە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دەرەوەی وڵات درابوو ، وێرای پشتگیریمان بۆ هەموو هەنگاوێك لە پێناوی بەگەرهێنانەوەی کارەکانی بزووتنەوە و کارکردن بۆ بوژاندنەوەی چالاکیەکانی ، بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە لەسەر ئەو هەواڵە بدەین :**
**نوێنەرانی کۆمیتەی باڵای دەرەوەی وڵات لەو کۆبونەوەیە ئامادە نەبوون ، ئەو بەرێزانەی ئامادە بوون نوێنەری بەشێکن لە کۆمیتەی وڵاتی سوید و ئامادە بونیان تایبەتە بە خۆیان و پەیوەندی بە نوێنەرایەتی بزووتنەوە لەدەرەوەی وڵات نەبوە ، لە پەیوەندیمان بە لیژنەی باڵای کوردستان ئەوەیان دووپات کردەوە کە نوێنەرانی دەرەوەی وڵات تەنها ئەو بەرێزانەن کە لە دوا کۆنفرانسی بزووتنەوە (ئابی 2006 ) شەرعیەتی نووینەرایەتیان وەرگرتووە و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات پەسەندیان کردون ، ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە بەرێزیان دەست نادەنە کارەکانی دەرەوەی وڵات ورونیانکردەوە کە بەشداری ئەو بەرێزانە بۆ مەبەستی زەمینە سازی بووە بۆ هاوکاری لە چارەسەرکردنی قەیرانی بزووتنەوە لەو وڵاتە و پاشان بۆ نوێکردنەوەی پەیوەندیان بە کۆمیتەی باڵای دەرەوەی وڵات .**

**کۆمیتەی باڵای ڕیفراندۆم لەدەرەوەی وڵات بەپەرۆشیەوە دەروانێتە هەمو هەنگاوێك بۆ سارێژکردنەوە و تۆکمەکردنی ریزەکانی بزووتنەوە لە وڵاتەکان ، برواشی وایە کە بەکاری یەکگرتوو هەنگاوەکان گاریگەرتر و بەسودتر دەبن بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی گەلەکەمان .**

**سەرکەوتوبێت خەباتی رەوای گەلەکەمان بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی .**

**کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم _ دەرەوەی وڵات**
**2007 - 6 – 25**